
سیناریۆیەکی مناڵانە بەناوی:
بیرەوەرییەکانی هەمفەر
د إحسان برهان الدين

سیناریۆیەکی منداڵانە بەناوی:

# پیرەوەرییەکانی هەمفەر

نووسینی

د. إحسان برهان الدين

دەوڵەتی عوسمانی کاتێك دەرکی بە مەترسی دەوڵەتی نەجدییەکان کرد، هەموو ڕێگایەکی بۆ ناشیرین کردنیان و دژایەتی کردنیان لە ڕووی ئایینی و کۆمەڵایەتی و سەربازی گرتەبەر، زانایانی عوسمانی بەگشتی و ئەوانەی لە مەککە و حیجاز بوون بەتایبەتی دەیان کتێبیان لە دژی شێخ محمد بن عبدالوهاب و بانگەوازەکەی و شوێنکەوتوانی نووسی ولە ڕێگەی ئەو حاجیانەی لە هەموو لایەکی دنیاوە بۆ مەککە دەهاتن و لە زۆر ڕێگەی ترەوە بە هەموو لایەکدا بڵاویان کردووە، .

بانگەوازی تەوحید کە نەجدییەکان بە هەمو لایەکدا بە وشە و بەچەك بڵاویان دەکردەوە، دوو دوژمنی سەرەکی هەبوو، یەکەمیان دەوڵەتی عوسمانی بوو بە هەموو جۆرە تواناکانییەوە، دووەمیان شیعەکان بوون،

بەتایبەتی دوا ی ئەو هێرشە گەورەی کردیانە سەر کەربەلا و هەزاران لە خەڵکی ئەو شارەیان کوشت و گومەز ومەزارگای ئیمام حوسەینیان ڕوخاند الله لێی ڕازی بێت، ئەم دوو لایەنە بەردەوام لە بۆسەدا بوون بۆ قۆستنەوەی هەر هەلێك بۆ ڕوخانی دەوڵەتی نەجدییەکان.

یەکێك لەو ڕێگایانەی بۆ ناشیرین کردنی شێخ محمد بن عبدالوهاب وبانگەوازەکەی گرتیانەبەر، شانۆگەرییەك بوو بۆ ماوەیەك هاوشان لەگەڵ ئەو کتێبانەی کە عثمان بن معمر و ابن السویدي و زەینی دەحلان وسۆفی و شافیعی وئەشعەری ولایەنەکانی تر لە دژی نەجدییەکان دەیاننوسی، کتێبێکیش لەو ئاقاردا بە ناوی (مذکرات همفر) بڵاوکرایەوە، ئەم کتێبەش، وەکو کتێبەکانی زەینی دەحلان و نەیارانی تری بانگەوازی تەوحید بەناو موسوڵماناندا بڵاوکرایەوە و

بۆ ماوەیەکی زۆر ژمارەیەکی زۆر لە عەوامی خەڵکی قەناعەتیان پێکرد کە شێخ محمد بن عبدالوهاب و بانگەوازکەی ودەوڵەتەکەشیان، دروووستکراوی ئینگلیزەکانن! لەم کورتە باسەدا، تیشك دەخەینە سەر ئەو سیناریۆ ولە چەند خاڵێکدا حەقیقەتەکەی دەردەخەین:

1 -(مذکرات همفر) واتە بیرەوەرییەکان ی همفەر، ئەمەوا باس دەکرێت کە بەڵگەنامەیەکی بریتانییە وباس لە سیخوڕێکی بریتانی دەکات بە ناوی هەمفەر، لە سەرەتاکانی ساڵی 1700م لەگەل پێنج هەزار سیخوڕی تری بریتانیا ڕوویان کردووەتە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بۆ تێکدانی دینی ئیسلام و کار کردن لە سەر ڕوخاندنی.

لە درێژەی سیناریۆکەدا ئەوەی تێدایە کە هەمفەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لە شێواندنی دینی ئیسلام ، لە

عێراق چاوی به شێخ محمد بن عبدالوهاب کەوتووە و توانیوێتی قەناعەتی پێ بکات و بیکاتە پیاوی ئینگلیز ، ئامانج و پوختەی سیناریۆکە ئەوەیە هەمفەر لە پشت بانگەوازەکەی شێخ محمد بن عبدالوهاب و محمد بنسعود ببوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەجدییەکانەوە بووە و هەموو ئەو دەوڵەتە و بانگەوازەی بۆ تەوحید و جێبەجێکردنی شەرعی الله تعالی هەمفەر و دەولەتی بریتانیا لە پشتی بووە.

2 - بەواتایەکی تر وبە پوختی: هەمفەر و وەزارەتی مستعمرات ی بریتانیا لەپشی ئەو بانگەوازە شێخ محمد بن عبدالوهاب بوون بۆ سەرخستنی تەوحید

وهۆکار بوونە بۆ نووسینی ئەو هەموو کتێبانەی شێخ محمد و کوڕ و کوڕەزاکانی وبەڵکو کتێبەکانی ابن تيمية و تەلەبەکانی کە ڕێنوێنی خەلکیان کرد بە ئێستاشەوە بۆ بەرچاوڕوونی موسوڵمان وناساندنی شیرك وبیدعە

پێیان، هەروەها لابردنی ئەو هەموو گۆڕ و مەزارگا و مەڵبەندە شیرکییانەی عوسمانییەکان وبەرپەرچدانەوەی قبوری و وخورافییەکان وزۆر خێرو چاکەی گەورەی تر، هەموو ئەوانە بریتانیا لە پشتیانەوە بووە، کە ئەگەر ئەم ڕاست بوایە وابێت بریتانیا نەك تەنها دەوڵەتێکی موسوڵمان بووە، بەڵکو زۆریش لەسەر دینی حەق و بەرزکردنەوەی ئاڵای تەوحید بەغیرەت بووە.

3 -لە ڕاستیدا یادەوەریەکانی هەمفەر ڕێك بە وێنەی ڕۆمانێکدایە و وەکو هەر ڕۆمانێکی تر ئەندێشەی ڕۆماننوسێك خولقاندوویەتی، چونکە هیچ بەڵگەیەك نییە تەنانەت لەسەر ئەوەش کە هەمفەر خۆی کەسایەتییەکی ڕاستەقینەبێت و بوونی هەبێت، بەڵکو خودی هەمفەر کەسایەتییەکی وەهمییە وتاکو ئێستاش ڕاست نەبووەتەوە کە بوونی هەبێت.

واتە نووسەری ئەو ڕۆمانەش بە دڵنیاییی نازانرێت کێیە، وەرگێڕی ئەو کتێبەش کە ناوی خۆی ناوە (دکتۆر ج ج) هەر مەجهولە و کەس نازانێت کێیە و پێناسی چۆنە.

4 -هەمفەر باسی خۆی دەکات سەرەتا چۆن لە ئاستانە وای نیشان داوە موسوڵمان بووە وخەریکی فێربوونی زانستە، باسی ئەوە دەکات بەهۆی یارمەتیدانی بۆ مجێوری مزگەوتێك ڕێگای داوە لە مزگەوتەکە بمێنێتەوە و بە ڕۆژیش تاکو نیوەڕۆ لەلای دارتاشێك کاری کردووە و لە دوای مانەوەی دوو ساڵ بەو شێوە لە ئاستانە و مانگانەش ڕاپۆرتی خۆی وەکو جاسوسێك بۆ سەرەوەی خۆی لە بریتانیا ناردووەتەوە، ئینجا دەگەڕێتەوە بۆ بریتانیا ولەوێ سکرتێری وەزارەتی مستعمرات ی بریتانی پێ دەڵێت:

دەبێت بگەڕێیتەوە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ودوو ئەرکت لەسەرشانە ئەنجامی بدەیت:

یەکەم: خاڵی لاوازی لە ناو موسوڵمانان بدۆزیتەوە بۆ ئەوەی لەوێوە بچیتە ژوورەوە،

دووەم: خۆت بەو ئەرکە هەڵسیت وئەگەر سەرکەوتوو بیت خەڵاتی گەورەی وەزارەتت پێ دەبەخشرێت

5 -ئینجا باس لەوە دەکات ڕویکردووەتە بەسرەو لەوێ گەنجێکی ناسیوە بەناوی محمد بن عبدالوهاب و بەوە وسفی دەکات ڕقی لە دەوڵەتی عوسمانی بووە و لەگەڵ شیعە کێشەی نەبووە و بۆ تێگەیشتنی کیتاب و سوننەت لەسەر بۆچوون وتێگەیشتنی خۆی کاری کردووە و هەرچی دیدو وتێڕواننینی هاوەڵان و چوار پێشەواکان و زانایانی تر هەیە بە دیواریدا کێشاوە و بەو

شێوەش پەیوەدیەیەکی تۆکمەی لەگەڵ محمد بن عبدالوهاب دا گرێداوە و دوای هەندێ ڕووداو باس کردنی هەنگاوەکانی قەناعەت پێکردنی، دوای ئەوە لە ڕێگەی سکرتێری وەزارەتی مستعمرات ی بریتانیا کۆمەڵە فەرمانێك بۆ محمد بن عبدالوهاب دەهێنێت وئەویش وەکو سیخۆڕێکی ئەوان جێبەجێی دەکات و فەرمانەکانیش بریتین بوونە لە: تەکفیرکردنی موسوڵمانان وکوشتنیان و ڕوخانی کەعبە بە بەهانەی ئەوەی پاشماوەی بتپەرستییە وڕێگریکردنی لە حەج و هاندانی هۆزەکان ڕێگەبگرن لە حاجیان و تاڵانیان بکەن وهەروەها فەرمانیان پێدەکەن بە ڕوخاندنیی هەموگومەز و مەزارگاکان و دژایەتی دەوڵەتی عوسمانی وبڵاوکردنەوەی ئەوەی کە قورئان دەستکاری کراوە و زیادوکەمی تێدایە و سیناریۆکە بەو شێوەیە شێخ محمد بووەتە جاسوبی بریتانیا و وردە وردە توانیوێتی

بانگەوازەکەی بڵاوبکاتەوە ئەو دەوڵەتە درووست بکات و بە کورتی ئەوەی لەو ڕۆمانەدا هاتووە پوختەکەی بریتییە لەوەی شێخ محمد بن عبدالوهاب هەرچی کردووە هەمووی بە فەرمانی بریتانیا بووە و وەکو سیخوڕێکی ئەوان فەرمانەکانی جێبەجێ کردووە.

6 - شایانی باسە بیرەوەرییەکانی هەمفەر، بە هیچ شێوەیەکی نوسخە ڕەسنەکەی بە زمان ئینگلیزی نییە و نەبینراوە، ئەوەی کە هەیە وەرگێڕدراوە عەربی و دواتر وەرگێڕانی بۆ زمانەکانی ترە ونوسخە ئەسڵەکەی بوونی نییە.

چەندین توێژەر و ئەکادیمی وەکو د.عبدالله العسكر ود. فهد السماري لە خانەی پەڕاوگەکان وئەرشیفی وەزارەتی هیند و وەزارەتی مستعمرات لەندەن گەڕاون وهیچ کتێبێکیان لەو شێوە نەدۆزیوەتەوە کە ئەو هەمفەرە گوایە وتویەتی سیخوڕێکی سەر ئەو لایەنانە

بووه لە بریتانیا. بەڵکو نەگەیشتوون بەوەی کەسایەتییەکی لەو شێوە بوونی هەبووبێت. بڕوانە: مقال الجاسوس البريطاني همفر، جريدة الرياض: 20-6-2001. هەورەها: مجلة روز اليوسف، ژمارە : (4081).

7 - هەمفەر خۆی کە گوایە نووسەری بیرەوەرییەکانە و سیخوڕی بریتانیا بووە، کەسێکی وەهمییە و هیچ زانیارییەك دەربارەی ژیانی وپلەی وەزیفی ئەو بەردەست نییە، کەسێکی مەجهولە و کەس نازانێت کێیە، تەنها وەرگێڕدراوی کتێبەکە بە زمان عەرەبی و زمانەکانی تر بەردەستە و کەس هیچ دەربارەی خۆی بەبەڵگەوە نازانێت.

8 - قابیلی باوەڕ کردن نییە کەسێك وا توانیبێتی دەوڵەتێکی وا درووست بکات و لە پشتی دوو کەسایەتی گەورەوە بێت وەکو شێخ محمد بن عبدالوهاب و

محمد بن سعود و هیچ زانیارییەك لە هیچ شوێنێكی فەرمی بریتانیا نەبێت لەسەری، هەرچی نهێنییەكانی وەزارەتی مستعمرات ی بریتانیا هەیە هەموو كەشف كرا لە ڕێگەی كەسانی وەكو ویلیام بریجریف و ولویس بیلي، یان لەو ڕاپۆرتە بریتانییە بەناوبانگانەی سلدانا كە لەساڵی 1904 دەرچوو دەربارەی نەجد كە باسی هەموو شتێكی دەربارەی نەجد تێدا بوو نێوان ساڵی 1804 بۆ 1904 كرد باسی هەمفەری تێدا نەبوو.

9 - لە نوسخە وەرگێڕدراوەكە بۆ زمانی عەرەبی هیچ زانیارییەكی دەربارەی نووسەر تێدا نییە، تەنانەت وەرگێڕیش كەس نازانێت كێیە، هەر ئەوەندەیە خۆی بە هێمای (دكتۆر ج ج) دەناسێت. تەنها لە كۆتایي كتێبەدا ئەم بەروارە هاتووە: 2-1-1973 بێ ئەوەی ڕوونیبكاتەوە ئەمە بەرواری وەرگێڕانەكەیە، یان هەڵبەستنی ڕۆمان و سیناریۆكەیە.

10 - له درێژایی ئەو هەموو ململانێی له نێوان نەجدییەکان و ناحەزانیاندا بووە، بەهیچ شێوەیەك باسی ئەو یادەروەرییانەی هەمفەر نەهاتووە وهیچ نەیارێکی دەعوەی تەوحید ناوی ئەو کتێبەی نەبردووە، له کاتێکدا ئەوان بۆ بچووکترین ڕەخنە دەگەڕان لەسەر دەعوەی شێخ محمد بن عبدالوهاب و نەجدییەکان ، باسی هەمفەریان نەکردوە و دوور ونزیك ئاماژەیان بۆ سیخوڕی وا نەکردووە.

11 - ئینجا کتێبەکە بۆ کەسێك کەمترین وردبوونەی لێ بکات دەردەکەوێت هەڵەی زۆری تێدایە، بۆ نموونە:

لەسەرەتای بیرەوەرییەکاندا هەمفەر وەسفی بریتانیا بەوە دەکات کە خۆری لێ ئاوا نەدەبوو! ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە چونکە بریتانیا لەو کاتەدا هێشتا هند و کشمیر و صین و میسری داگیر نەکردبوو، ئیتر

چۆن وەسفێکی وا دەکرێت کە لە دوای ساڵانێکی دوور ودرێژ پێی گەیشتووە؟ بڕوانە کتێبی: (عصر النهضة والعالم الحديث)، جلال يحيى/ 432-435.

12 - کتێبەکە لە جێگەیەکی تردا هەڵەیەکی گەورەی تێدایە ئەویش ئەوەیە وەسفی دەوڵەتی عوسمانی بە ( دولة الرجل المريض) دەکات، ئەم وەسفە بۆ دەوڵەتی عوسمانی بەهیچ شێوەیەك لە پێش هاتنی سەدەی بیستەم بەکارنەهاتووە و بوونی نەبووە، بەوەش دەردەکەوێت ئەم کتێبە لە دوای سالی 1900م هەڵبەستراوە. لە کاتێکدا ئەوەی همفەر باسی دەکات لەسەرەتاکان ی ساڵی 1700م بووە.

13 - لەسەرەتای کتێبەکەدا دەڵێت: وەزارەتی (مستعمرات) ی بریتانی لە ساڵی 1710م منی نارد بۆ مصر وعێراق و طهران وحیجاز و ئاستانە، بۆ ئەوەی زانیاری پێویست کۆبکەمەوە بە مەبەستی پەرتەوازە

کردنی موسوڵمانان بە مەبەستی داگیرکردنی وڵاتە موسوڵمانەکان. بەمەش هەمفەر هەر لەسەرەتاوە تێکەوت و درۆکەی کەشف بوو، چونکە بریتانیا لەو ساڵەی ئەو باسی دەکات لە بنچینەوە وەزارەتی (مستعمرات) ی نەبووە، بەمەش ئەو پەندەی لەسەر ڕاست بوویەوە کە دەڵێت: (إذا كنت كذوبا، فكن ذكورا!) واتە ئەگەر درۆزن بوویت با شتەکانیشت جوان لەبیر بێت و شتەکانت لێ تێکنەچێت.

14 - هەمفەر لەلاپەڕە 31-32 لە یادەوەرییەکانیدا دەڵێت گوایە لە ساڵی 1713م چاوی بە شێخ محمد بن عبدالوهاب کەوتووە وبەوە وەسفی دەکات کە گەنجێك بوو هاتوچۆی دوکانێکی دەکرد وسێ زمانی دەزانی: تورکی و فارسی و عەرەبی. ئەمەش درۆیەکی گەورەیە دانەری ئەو کتێبە تێیکەوتووە، چونکە لەو کاتەدا شێخ محمد بن عبدالوهاب تەمەنی تەها دە

ساڵ بووه.. ئینجا هەر لە کتێبەکەیدا پێشتر وتی وەزارەتی مستعمرات ی بریتانیا ئەوی لە ساڵی 1710ك ی بۆ ئەرکەکەی ڕەوانەی کردووە کە دەکاتە ساڵی 1122ك، ئینجا دوای ئەوە دەڵێت دوو ساڵیش لە ئاستانە ماوەتەوە ودوای ئەو دوو ساڵە گەڕاوەتەوە بۆ لەندەن و شەش مانگ لەوێ ماوەتەوە و دواتر بەرەو بەسرە کەوتووەتە ڕێ و بەشەش مانگ گەیشتوەتە بەسرە و لەو کاتانە بە دیداری شێخ محمد بن عبدالوهاب گەیشتووە! بەمەش دەبێت لە ساڵی 1713 یەکتریان بینیبێت کە دەکاتە ساڵی 1125ك، مەعلومیشە شێخ محمد لە ساڵی 1115 لە دایك بووە و بەو قسە بێت تەمەنی لەو کاتەی هەمفەری بینیوە دە ساڵ بووە و زمانی تورکی و زمانی فارسیشی زانیوە وئەوەش هیچ بنەمایەکی لەڕاستی ولۆژیك تێدا نییە،

بەم شێوەیش هەموو بیرۆکەی کتێبەکەی دەڕوخێنێت.

15 - هەر لە سەرەتای کتێبەکەوە لەلاپەڕە 31 وەسفی شێخ محمد بن عبدالوهاب دەکات بەوەی گەنجێکی (متحرر) بووە، واتە ئازاد وسەربەست بووە، هەرچوار مەزهەبەکەشی ڕەت کردووەتەوە، ئەوەش بوختانێکی سادەو منالآنەیە، چونکە هیچ کەسێك لەنەجددا ئەو سیفەتەی نەبووە کە مەبەستی لە متحرر ئەوە بووە باوەڕی بەهیچ نەبووە و لەبیروباوەڕەکانیدا ئازاد بووە و مەزهەبەکانی ڕەت کردووەتەوە، شێخ هیچ کاتێك جگە لە بە ڕێز تەماشاکردن هیچ تێڕوانینێکی خراپی بۆ مەزاهیبەکان نەبووە، ئەوەش حەقیقەتێکە لە کتێبەکانی شێخ وکوڕو کوڕەزاکانیدا بەڕوونی هاتووە.

16 -هەمفەر باس لەوە دەکات کە شێخ محمد بن عبدالوهاب هاوڕێیەکی شیعەی هەبووە بەناوی

عبدالرضا، باسی ئەوەش دەکات کە شێخ ڕای بەرانبەر شیعە باش بووە ودەمارگیری لە دژیان نەبووە، ئەوەش قسەیەکی بەتاڵە، چونکە ڕاوبۆچوونی شێخ و نەوەکانی بەرانبەر شیعە دیارە چۆن بووە، سیرەی نەزەری و کردەیی شێخ ئەوە ڕەتدەکاتەوە. یەکێك لە کتێبە چاپکراوەکانی بەناوی (رسالة في الرد على الرافضة) تێیدا بیروباوەڕەکانی ئەوان ڕەتدەکاتەوە وهەر وەها لە کتێب و نامەکانیدا شتی زۆر لەو بارەوە هاتووە.

17 -هەروەها باسی ئەوە دەکات شێخ محمد بن عبدالوهاب و ئەو عبدالرضا پێکەوە ڕقیان لە دەوڵەتی عوسمانی بوو، ئەو قسەیەش ڕاست نییە چونکە شێخ محمد لە کتێبەکانیدا بەراشکاوانە باسی گوێڕایەڵی بۆ دەسەڵاتداری موسوڵمان کردووە ولە هیچ کتێبیکیدا نە تەکفیری عوسمانییەکانی کردووە و نەهانی

ڕاوەستانی داوە لە دژیان. بڕوانە: مؤلفات الشيخ: قسم العقيدة: ل394 .

ئینجا ئەسڵەن عوسمانییەکان هیچ کاتێك دەسەڵاتیان بەسەر ناوچەی نەجد نەبووە و نە هیچ کاتێك حامییەیانی لێبووە. هەروەها نەجد هیچ کات جێگای تەماح و چاوتێبڕینی عوسمانییەکان نەبووە لەبەر ئەوەی هیچ سامان و داهاتێکی نەبووە ئەوان چاویان لێی بێت.

18 -هەمفەر لە لاپەڕە 43 ئاماژە بۆ ئەوە دەکات شێخ محمد بن عبدالوهاب هیچ ڕێزێکی بۆ چوار خەلیفەکە دانەناوەو تەنها پشتیشی بە تێگەیشتنی خۆی بۆ قورئان وسوننەت بەستووە، ئەمەش درۆیەکی شاخدارە، هەر کتێبێك لە کتێبێکەکانی شێخ بخوێنیتەوە پێچەوانەکەیت بۆ دەردەکەوێت، دەیان دەقی قسەی

خۆی لە کتێبکانی وەکو (رسالة في الرد على الرافضة) و مؤڵفات الشيخ لە بەشی العقيدة و زۆر کتێبی تر.

19 - لەلاپەڕە 35 و36 هەمفەر دەڵێت شێخ محمد بن عبدالوهاب باوەڕی بە جیهاد نەبووە، ئەوەش بەهەمان شێوەیە پێچەوانەی واقیع و کتێبەکانی شێخە، چونکە ئەو ڕای وایە کێ نکۆڵی لە جیهاد بکات لە ئیسلام دەردەچێت.

20 - لەلاپەڕە 36 دەڵێت شێخ محمد بن عبدالوهاب باوەڕی بە نیکاحی موتعە هەبووە و ئافرەتێکی نەسرانی لە وەزارەتی مستعمرات بە موتعە (سیغە) مارە کردووە، بەم بوختانە و کۆمەڵێکی تری هاوشێوەی ئەمە دەردەکەوێت کە ئەو کەسەی ئەم کتێبەی هەڵبەستووە شیعە بووە. ئەگینا واقیعی ژیانی شێخ وکتێبەکانی کە هەمووی لە خەڵکەوە دیاربووە، بەرپەرچی ئەم بوختانە دەداتەوە.

21 - هەمفەر لەلاپەڕە 50ی کتێبەکەدا دەڵێت: شێخ محمد بن عبدالوهاب گەشتی کردووە بۆ أصفهان وشیراز، هەموو ئەوانەی باسی ژیانی شێخیان کردووە لەوانەی جێگای متمانەن کەسیان باسی ئەوەیان نەکردووە کە شێخ سەردانی ئەسفەهان و شیرازی کردبێت.

22 - هەر لە لاپەڕە 50ی ئەو کتێبەدا دەڵێت شیخ باوەڕی بە (تقیة) هەبووە، ئەوەش بوختانێکی بێ بەڵگەیە، بەڵکو بەپێچەوانەوە شێخ ڕەخنەی توند لەوانە دەگرێت باوەڕیان بە تەقییەیە وهێرشیان دەکاتە سەر لە کتێبەکانیدا، وەکو (رسالة في الرد على الرافضة). التقیة: واتە دەربڕین قسەیەك پێچەوانەی ئەوە بێت کە لەناخی کەسەکەدا هەیە.

23 - لەلاپەڕە 81ی کتێبەکەیدا هەمفەر دەڵێت: ئێمە پلانی ئەوەمان بۆ داڕشت تەکفیری موسوڵمانان بکات

وخوێنیان حەڵاڵ بکات و ماڵیان بەتاڵان ببات، ئەمەش دیارە یەکێکە لەو بوختانانەی هەموو نەیارانی شێخ لە عوسمانییەکان و سۆفییەکان و شیعەکان ئەو قسەیان دوبارە دەکردەوە. چونکە شێخ وشوێنکەوتوانی هەرگیز کەسێك موسوڵمانیان تەکفیر نەکردووە وهەرڤیز باوەڕیان وا نەبووە کە تەنها خۆیان موسوڵمانن وغەیری ئەوان کافرە ئەوە بوختانی نەیارەکانیانە، هەروەها هیچ کاتێك خوێنی موسوڵمان و ئەهلی سوننەتیان حەڵاڵ نەکردووە و نە ماڵ وژن ومناڵیانیان بە تاڵان و بە سەبایا بردووە، نەە هیچ کاتێکیش وتوویانە تەقلیدی یەکێك لە چوار ئیمامەکانی مەزهەبەکان شیرکە، بەڵکو بە پێچەوانەشەوە ئەوان تەنها کەسێك تەکفیر دەکەن کە کوفرەکەی لەلای جومهوری ئەهلی عیلم وموسوڵمانان کوفر بێ، بەڵام ئەو قسانە زیاتر کەسانی دوژمنی دەعوەی تەوحید

کردویانه وەکو أحمد بن زيني دحلان و هەروەها کەسانی دەمارگیری حەنەفی وەکو ابن عابدين لە کتێبی (رد المحتار) هەمان بوختانەکانی زەینی دەحلان دووپات دەکاتەوە.

24 -لە ڕاستیدا هەرکێ کتێبەکانی شێخ محمد بن عبدالوهاب بخوێنێتەوە حەقیقەت ئەو بوختانەی بۆ دەردەکەوێت، بۆ نموونە شێخ – وەکو لە مؤلفات الشيخ، القسم الثالث،ص11 هاتووە- دەڵێت:درۆ وبوختانمان بۆ هەڵدەبەستن گوایە ئێمە تەکفیر بە عموم دەکەین و ئەو خەڵکە هەموویان بە کافر دەازنین وداوا لە خەڵکی دەکەین هیجرەت بکەن بۆ لامان، هەروەها دەڵێن گوایە ئێمە تەکفیری کەسێك دەکەین کە تەکفیری خەڵکی نەکات و لەگەڵمان جەنگ نەکات وزۆر شتی ترمان بۆ هەڵدەبەستن، هەموو ئەوانە درۆ وبوختانە بۆ ئەوەی خەڵکی لە دين الله پێ دور

بخەنەوە.بەڵکو هەر لەو جێگەدا دەڵێت ئێمە ئەوانەش کە ئەو سەنەمەی سەر عبدالقادر و بەدەویش دەپرستن کافر ناکەین بەهۆی جەهلەکەیانەوە.

25 - هەمفەر لە لاپەڕە 82 دەڵێت: یەکێك لەو پلانانەی بۆ شێخ محمد بن عبدالوهاب یان دارِشتبوو ئەوەبوو، قورئانێکی دەستکاری کراو بەناو خەڵکیدا بڵاو بکاتەوە، ئەمەش یەکێکە لەو بەڵگانەی ڕای ئەوانە بەهێز دەکاتەوە کە دەڵێن ئەو کەسەی ئەم بیرەوەرییانەی داناوە ودرووستی کردووە شیعە بووە، چونکە بیرۆکەی دەستکاری کردنی قورئان لەلای ئەوان هەیە، شێخ محمد بن عبدالوهاب لە کتێبەکانیدا سەرلەبەری مەسەلەی دەستکاری کردنی قورئان ڕەتدەکاتەوە و بۆ نموونە لە کتێبی ( الرد على

الرافضة/19) دەڵێت هەرکێ باوەڕی وابێت قورئان پارێزراو نییە، یان شتێکی تری بە قورئان زانی که خۆی قورئان نییە بەوە کافر دەبێت.

26 - بیرۆکەی سەرەکی کتێبەکەی هەمفەر هەمووی لەسەر ئەوەیە ولە پێناو ئەوەدایە بیسەلمێنێت شێخ محمد بن عبدالوهاب بەرِەحمەت بێت درووستکراوی بریتانیایە، لە کاتێکدا لەلای هەرکەسێك کەمترین شارەزایی مێژووی هەبێت ئەوەی مەعلومە ئەوەیە بریتانیا هەڵوێستی دژایەتی لە بانگەوازی شێخ محمد و دەوڵەتی محمد بن سعود هەبووە.

ئینگلیزەکان کاریگەری بانگەوازی شێخ محمد بن عبدالوهاب یان لەسەر لە هندستان هەست پێکرد چونکە خەڵکی لەوێ بنەماکانی ئەو بانگەوازەیان لە رِێگەی شێخ أحمد عرفان و شوێنکەوتوانییەوە

هەروەها لە ڕێگەی کۆمەڵەی (الفرائضيين) و بزوتنەوەی (نزار علي) پێگەیشتبوو، چونکە ئەم بزوتنەوانە لە ڕووی بزوتنەوەی أحمد قادایانی و کۆمەڵەی قادیانییەکان وەستابوونەوە کە بریتانیا دەیویست قادیانییەکان بکات بە زمان حالی موسوڵمانان، جا ئەو بزوتنەوانە کاریگەر بوون بە دەعوەی شێخ محمد بن عبدالوهاب، لەم ڕوانگەوە ئینگلیزەکان زۆر دژایەتی دەوڵەتی نەجدییەکانیان دەکرد وبۆ هەلی ڕوخاندنیان دەگەڕان.

27 - لە کتێبی (رحالة غربيون في بلادنا لاپەڕە 27-74) حمد الجاسر، باس لە گەشتی ئەفسەرێکی بریتانی دەکات لە هندستان بووە بەناوی سادلیر، ئەو سەرکردەی فەوجی (47)ی سوپای بریتانیا بووە وڕەوانەکراوی ئەوانیش بووە بۆ ئەوێ ، گەشتێکی قورس دەکات لە دوای ڕوخانی درعییە بۆ نەجد بۆ

ئەوەی دڵنیا ببێتەوە لەوەی ئەو دەوڵەتە بەتەواوی ڕوخاوە وجارێکی تر هەڵناسێتەوە، چونکە بریتانیا مەترسی لە بەرژەوەندییەکانی خۆی هەبوو، سادلیر لە 13 ئابی 1819م دەچێتە درعییە ودوای ئەوەی بە بینینی درعییە بە ڕوخاویی ئاسوودە دەبێت، خۆی دەگەیەنێتە کاروانی محمد علي پاشا لە ئەبیار عەلی لە نزیك شاری مەدینە و لەوێ پیرۆزبایی حکومەتی بریتانیای بە بۆنەی کەوتنی دەوڵەتی نەجدییەکان لە درعییە پێشکەش دەکات وهەروەها دیارییەکانی حکومەتی هندستانی ڕۆژهەڵات (بریتانی) پێ دەدات، لەو بارەوە بڕوانە: (محمد بن عبدالوهاب مصلح مظلوم ومفترى عليه) مسعود الندوي.ل: 150-154.

28 - محمد عدنان مراد کە باڵوێز بوو لە وەزارەتی دەرەوەی سوری، لە کتێبی (صراع القوى في المحيط الهندي و الخليج العربي-جذوره التاريخية وأبعاده)

دەڵێت: تاکە سوودمەند لەو جەنگەی بە لەناوبردنی دەسەڵاتی سعودی تەواو بوو بریتانیا بوو، لەبەر مەترسی ئەوەی ئەو دەسەڵاتە نەگاتە کەنداو ودەریای عەرەب، دوای ئەوە ڕاپۆرتی ئەندامێکی ئەنجومەنی بۆمبای باس دەکات دەربارەی دەوڵەتی نەجدییەکان کە وتویەتی: بەم شێوە ئەو کۆمەڵە لادەرە دەرکەوتن و ڕوخان هەرگیز جارێکی تر ڕاست نەبنەوە! بە پارێزگاری ئەوان و هاندانیان هێرشە دەرياييەکان لە کەنداو ولە دەریا هیندییەکان بە شێوەیەکی بوێرانە و دڕندانە تەشەنەی کرد، مەگەر جەزائیرییەکان لە ئەوروپا ئەو کارەیان کردبێت. بڕوانە: ( تارخ المملكة العربيّة السعودية) د. عبدالله العثيمين. ل: 166-168.

29 - شێخ محمد رشيد رضا لە کتێبی (الوهابيون والحجاز/73)دا دەڵێت: ئینگلیزەکان سەرکەوتنی

وەهابییەکانیان بە گەورەترین مەترسی دەزانی لەسەر تەماحەکانی خۆیاندا لە عەرەب و ئیسلام.

30 - هەروەها محمد کرد علي لە کتێبی (خطط الشام ) بەرگی 3، لاپەڕە:71-72 ، دەڵێت: ئەگەر بمانەوێت بەچاوی مێژوونووسێکی بە ویژدانەوە سەیری مەسەلەکە بکەین دەبینین، سیاسەتی بریتانیای عوزما وای دەخواست بانگهێشی دەوڵەتی عوسمانی بکات بۆ جەنگی وەهابییەکان لە نەجد وحیجاز، چونکە ترسیان هەبوو دەوڵەتێکی عەرەبی نوێ دروست ببێت وببێتە تەگەرەیەك لە بەردەم هیوا وئاواتەکانی بریتانیا لە نیوە دورگەی عەرەبدا.

31 - هەمفەر لەو کتێبەدا دەڵێت ئەو بۆ ماوەیەك لەگەڵ کۆمەڵێك ئەفسەری بریتانی لە درعییە ژیاون ودەڵێت بڕیارماندا درعییە ببێتە پایتەختی دەوڵەت و دینی نوێ! وەزارەتی (مستعمرات) ی بریتانیاش بە

نهێنی پارەی دەنارد و هەردو محمد بن عبدالوهاب و محمد بن سعود بە پێی ئەو پلانانە دەڕۆیشتن ئێمە بۆمان دیاری دەکردن.

پرسیارەکەش ئەوەیە ئەم ڕووداوە گەورە و هەستیارانە چۆن لە چاوی دوژمنانی دەوڵەتی درعییە شارایەوە و هیچیان دەربارەی نەزانی بۆ ئەوەی بیکەن بە تانەیەك و بیدەن بەچاوی ئەواندا، خۆ ئەوان دەیان بوختانیان بۆ هەڵدەبەستن وبۆ کەمترین بەهانە دەگەڕان ئەوانی پێ ناشیرین بکەن، کەواتە بۆچی کەسیان ئاماژەیان بۆ ئەوە نەکرد دەوڵەتی درعیە درووستکراوی بریتانیایە؟

32 -ئەوەی چیرۆکی هەمفەری هەڵبەستووە ئەوەی لە بیر چوە کە دەوڵەتی درعییە کاتێك درووست بوو لە بۆشاییەوە درووست نەبوو، بەڵکو پێش درووست بوونی دەوڵەتی درعییە ولەسەردەمانێکی کۆنەوە

بنەماڵەی ئال سعود هەر بوونیان هەبوو و سەر بە هۆزەکانی بەنو حەنیفە بوون ولە ناوەڕاستی سەدەی پانزەیەمی میلادی درعییەیان دامەزراند و لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەی میلادی پشتیوانی خۆیان بۆ بانگەوازی شێخ محمد بن عبدالوهاب ڕاگەیاند..ئینجا ئەو دەوڵەتە لە سەر دەستی عوسمانییەکان ڕوخا و دواتر دەوڵەتێکی تریان درووست کرد و ئەویش ڕوخا و دەوڵەتی سێیەمیان درووست کرد، ئایا ئەمانە هەر هەمووی درووستکراوی بریتانیا بوون وبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی مەلموسیش هەبێت، بەڵکو بەڵگەی پێچەوانەش هەبێت!

33 -ئەو توێژینەوەی کە من لە زۆربەی بەڵگە و سەرچاوەکانم بۆی گەڕاومەتەوە بەناوی (أكذوبة مذكرات همفر)ی صالح الخراشي، بەوە گەیشتووە لەبەر هەندێ بەڵگە، وا دەردەکەوێت درووستکەری

یادەوەرییەکانی هەمفەر کەسێکی شیعەبووە، لەبەر ئەوەی:

أ/ کتێبەکە پڕە لە وەسف و سەنای شیعە و بریقەدار کردنی مەزهەبەکەیان.

ب/ درووستکەری یادەوەرییەکان شوێنەوار و باس و بیروباوەڕی شیعە زۆر بەکار دەهێنێت لە کتێبەکەدا.

ج/ کتێبەکە زۆر مەبەستێتی مەزهەبی ئەهلی سوننەت ناشیرین بکات وبە تایبەتی ئەو کەسایەتییانەی کە ئەوان دژایەتی دەکەن وەکو معاوية الله لێی ڕازی بێت؟

د/ کتێبەکە هەوڵی وروژاندنی شیعەی تێدایە لەسەر بارودۆخەکانی خۆیان لەو سەردەمە.

ه/ وروژاندنی موسوڵمانان لە دژی سەلەفییەت و وێنا کردنی وەکو ڕێبازێکی نوێ.

34 - له كۆتاييدا سه‌باره‌ت به‌وه‌ی ده‌بێت کێ بێت ئه‌و كه‌سه‌ی ئه‌م یاده‌وه‌ریيانه‌ی درووست كردبێت، قسه‌ی كه‌سايه‌تييه‌كی نزيك له شيعه و جێگای متانه‌ی ئه‌وان ده‌هێنيته‌وه ئه‌ويش حسن فرحان المالكي یه‌ كه ئه‌و له كتێبی (محمد بن عبدالوهاب داعية وليس نبيا/ 126-127) پێيوايه: تۆمه‌تباركردنی وه‌هابييه‌كان به‌وه‌ی درووستكراوی بريتانيان ئه‌وه تۆمه‌تێكی ناڕاست و به‌تاڵه، ئه‌وه قسه‌يه‌كه له ناو ئه‌نته‌رنێت وئه‌و جۆره شوێنانه بڵاوه، هۆكاره‌كانی ناڕاستی ئه‌و تۆمه‌ته‌ش له چه‌ند خاڵێكدا كورت ده‌كاته‌وه:

يه‌كه‌م/ شێخ محمد بن عبدالوهاب و محمد بن سعود وعبدالعزيز ی كوری، بيست ساڵ خه‌ريكی جه‌نگی رياض ودخنة و منفوحة وهه‌ندێ ناوچه‌ی تری نزيك درعييه بوون، ئه‌گه‌ر پشتيوانی بريتانيايان هه‌بوايه به‌ماوه‌يه‌كی كه‌م ئه‌و شه‌ڕه‌يان ده‌برده‌وه و

سەر دەکەوتن، نەك بیست ساڵ سەرقاڵی شەڕی چەند هۆزێك بن..

دووەم/ حسن فرحان دەڵێت: یادەوەرییەکانی ئەو هەمفەر ناوە ڕاست نییە، هەندێك لە برا شیعە میانڕەوەکان پێیان  ڕاگەیاندم ئەو کەسەی ئەم یادەوەرییانەی درووست کردووە مەرجیعێکی شیعە بووە بۆ لێدانی وەهابییەکان ئەو کتێبەی درووست کردووە ودەڵێت و ناوی ئەو کەسەشم لایە کە ئەو کتێبەی درووست کردووە، مەبەستیشی لە محمد مهدي الشيرازي یە.

35 - ئەوەشی ئەو ئەگەرە بەهێز دەکات کە محمد  مهدي الشيرازی نووسەری ئەو یادەوەریانە بێت ئەوەیە لە کتێبی (الانقلاب/172)ی عادل اللباد هاتووە کاتێك سەردانی شیرازی کردووە لە شاری قم، دەڵێت دوای تەواوبوونی وتەکەی چایان پێشکەش کردین و ئینجا

کتێبەکانی شیرازی یان بە دیاری پێداین و یادەوەرییەکانی مستەر هەمفەریشی لەگەڵدا بوو.

36 -حسن المالكي لە کۆتاییدا دەڵێت: دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەم لەو کتێبە کرد بۆم دەرکەوت درووستکراوی خەیاڵی یەك کەس یان چەند کەسیکە، مەبەستیش لە درووستکردنی ئەو یادەوەرییانە ناشیرین کردنی بانگەوازی شێخ محمد بن عبدالوهاب بووە، دەڵێت: بەڵگەش لەسەر ئەم قسەیەم زۆرە.

بۆ شارەزابوونی زیاتر دەربارەی ئەم باسە بە شیکراوەیی و بە کۆمەڵێك تری بەڵگەی ورد لەسەر ئەوەی ئەو یادەوەرییانە درووستکراو و هەڵبەستراوی خەیالی کەسێکە، بڕوانە: (أکذوبة مذكرات الجاسوس البريطاني همفر) لە ئامادە کردنی سليمان بن صالح الخراشي کە بۆ دەیان سەرچاوەی زانستی گەڕاوەتەوە.